# وەڵامێك بە مەلا بەختیار!

## *چەپلە ڕێزانی ناسیۆنالیزمی کورد بۆ شەڕی ئەمریکا، ڕسوایی یە!*

**سامان ئەحمەد**

ئەمجارە مەلا بەختیار بەناوی خۆیەوە لە دژی بزووتنەوەی خەڵکی موتەمەدینی دنیا کە دژی شەڕی ئەمریکاوهاوپەیمانەکانی هاتوونەتە مەیدان لە کوردستان نێت دا ووتارێکی بلاوکردۆتەوە. بۆ جارێکی تر لە ژیانی سیاسی خۆیدا دوای چەند ساڵ شەرمەزارییەکی تری بۆ خۆی تۆمار کرد. ماوەیەك بوو قەڵەم بەدەستانێکی نادیار بەناوی موستەعارەوە خەریکی ئەم کارە بوون کە بیانوو و پاساو بۆ پشتیوانی جەنگی ئەمریکا دابتاشن‌وڕەخنە لە بزووتنەوەی دژی جەنگ‌و سیاسەتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بگرن‌وتۆمەت‌وتاوانی پوچ هەڵبرێژن، بەلام ڕووی ئەوەیان نەبوو ناوی خۆیان ئاشکرا بکەن. ئەمجارەیان مەلا بەختیار دەمامکی لەسەر ڕووی خۆی لابردووە و وویستوویەتی جورئەت‌وشەهامەت نیشان بدات بۆ سیاسەتی زەبوونانەی ناسیۆنالیزمی کورد. بەڵام نەگبەتی ئەم کابرایە ئەوەیە کە هەر ئەم کارودەورە نزم‌و نەشیاوانەی پێ دەبڕێت.

دڵنیا بووم کە ناڕەزایەتی وخۆپیشاندانە ملیۆنییەکانی خەڵك لەسەراسەری دنیادا لە دژی جەنگ‌وبەربەریەتی ئەمریکا نەك تەنها ئەمریکای گۆشەگیرورسوا کردووە بەڵکو هاوکات پەردەی لەسەر ڕووی یەکێتی‌وپارتی هەڵداوەتەوەو هەموو بیانوو پاساوەکانی ئەوانی بۆ بەرگری لەجەنگی ئەمریکا پووچەڵ کردۆتەوەوتووشی ترس‌ودڵەڕاوکێ‌ی کردوون، بەقەولی مەلا بەختیار ". . . . هەتا کوندەلیزارایس تەمی ئەو مەترسی‌یەی ڕەواندەوە. . . . "، لەبەرامبەر ئەوەشدا ڕابەران‌وقەڵەم بەدەستانی ناسیۆنالیستی کورد دوور لە هەر ئوسوڵ‌وپرەنسیپێك لەبەرامبەر ئەم بزووتنەوەیەدا ڕادەوەستن‌ودێنە زمان.

مانگێك لەمەوبەر وەڵامێکم لەژێر ناوی "بەرگری لەجەنگی ئەمریکا بەڕژێمی بەعس پاساو نادرێت" بەیەکێك لە نووسینانە دایەوە کە کەسێك بەناوی ( دارا گەرمیانی کە پێ دەچێ مەلا بەختیار بێ) لەکوردستان نێت دا بلاوی کردبۆوە. لێرەدا بەزەروری نازانم وەڵام بەهەمان ئەو ریوایەتە چەوتە مێژوویی‌وپاساووبیانووانە بدەمەوە کە بۆ بەرگری لەبەربەریەتی ئەمریکا کە جارێکی تر لە نووسینەکەی مەلا بەختیاردا هاتووە، ئەم مەسەلانەم لەوەڵامەکەی پێشوومدا باس کردووە.

ئەوەی دەمەوێ باسی بکەم ئەو سەرنجەیە کە نووسەر دەیەوێ ئەو بزووتنەوەیەی پێ بشێوێنێت‌وزەینی خەڵکی کوردستانی پێ فریو بدات. دەپرسێت: ". . . . . بۆچی ڕای گشتی عەرەبی زۆر کەمتر لە ڕای گشتی ڕۆژئاوا مەسەلەی عێراقیان لا گرنگە؟. . . فەرەنسا وئەڵمانیا. . ڕای گشتی جیهانیشیان لەدژی مەترسی‌یەکانی جەنگ هاندا. . . ئاڕاستەی سیاسی. . هێشتا لەئەورووپای ڕۆژئاوای ئازادیش دابڕاو نی‌یە لە بەرژەوەندی‌یە ئابوری‌یەکانی حکومەت‌و کۆمپانیاکان. . . . هتد"

پێش هەرشتێك ئەوە بڵێم کە مەلا هەدەفمەندانە دەیەوێ خەڵك لە وولاتانی عەرەبیدا گوایە بەکەمتەرخەم دانبێ کە ناڕەزایەتی دەرنابڕن. جەناب ئەوە باش بزانە کە ئەم مەسەلەیە بە پێی لێکدانەوە ژێرەوژوورەکەی ئێوە نی‌یە. لەم وولاتانە گەر سەرکوتی بێ وێنەی ناسیۆنالیزمی عەرەب نەبێت، خەڵك ئێستا لەم وولاتانە بە ملیۆنەها دەڕژانە سەر شەقامەکان. ئەی ئەوە نی‌یە بەبەرچاوی هەمووانەوە ئەوانەشی کە هاتوون تەقەیان لێ دەکرێت و لێیان دەدرێت؟!

هەروەها خەڵکی تووڕەوئازادیخوازی وولاتە عەرەبی‌یەکان هەرگیز ئەو پشتیوانی‌یە عەسکەری‌و ماددی‌ومەعنەوی‌یە بێ درێغەی ئەمریکایان بیر ناچێت کە بەبەرچاویانەوە پێشکەش بە دەوڵەتی تیرۆریستی ئیسرائیلی دەکات تا قەتڵ‌وعامی خەڵکی بێ‌تاوانی فەلەستینی پێ بکات. لە لایەکی تریشەوە خەڵکێکی تووڕە کە دەبینێ ئیسلامی سیاسی‌وناسیۆنالیزمی عەرەب دەیانەوێ خۆیان بکەنە خاوەنی ئەسڵی ئەو ناڕەزایەتی‌یانە، قایل نین بچنە ژێر ئالای ئەوانەوە. پاشان ئەوە حکومەتەکانی ئەڵمانیاوفەرەنسا نین کە خەڵکیان هانداوە لە دژی شەڕ، بەڵکو ڕادەی

هوشیاری‌وئینسان دۆستی خه‌ڵکی شه‌ریفی دنیا به‌جۆریکه وه‌کو ئێوه نییه به ڕشتنی خوێنی مناڵانی عێراق پێبکه‌نن‌وئاهه‌نگ بگێڕن‌وپێکی خۆشی بنۆشن!

به‌ڵام وا دیاره ئه‌م نارِه‌زایه‌تی‌وخۆپیشاندانانه به‌ته‌واوی ئه‌م ناسیۆنالیستانه‌ی کوردستانیان ترساندووه‌وسه‌ریان لێ شێواوه‌ودۆودۆشاو تێکه‌ڵ ده‌که‌ن. ده‌نا که‌سێك ئاگای له ڕووداووهه‌واڵه‌کانی جیهان بێت‌وبلێت سیاسه‌ت ده‌که‌م ئه‌گه‌ر سه‌ری لێ نه‌شێوابێت‌وگێژ نه‌بووبێت‌و ووجوودی خۆشی به‌م ڕووداوه دڵته‌زێنانه‌وه گرێ نه‌دابێ ئه‌و قسه‌یه ناکات. ئاخر خۆ خه‌ڵکی کوردستان وه‌کو ئه‌م مه‌لا ناسیۆنالیسته سه‌ری لێ نه‌شێواوه ده‌زانن که خۆپیشاندانه‌کانی به‌ریتانیا وئیسپانیا وئوستڕالیا ویابان که هاوکاری ئه‌مریکان ( هه‌روه‌ها ئه‌مریکاش) به‌هێزترین سه‌نگه‌ری بزووتنه‌وه‌ی دژی جه‌نگن، تۆ بڵێیت ئه‌م ده‌وڵه‌تانه له سه‌ره‌وه ئاگری شه‌ڕ خۆش بکه‌ن‌وله خواره‌وه به‌خه‌ڵك بڵێن دژی جه‌نگ ڕاوه‌ستن؟! ئه‌مه له‌قسه‌ی ئه‌و مه‌لا ئیسلامی‌یانه ده‌چێت که ووتیان چوار ئافره‌ت به ڕووتی چوونه‌ته ناو مزگه‌وتی خه‌باته‌وه! ئاخر خه‌ڵکی کوردستان زۆر له‌وه هوشیارترن که ناسیۆنالیسته‌کان هه‌روه‌کو ئیسلامی‌یه‌کان درۆی شاخداریان بۆ بکه‌ن‌وگاڵته‌جاڕی‌یان پێ بکه‌ن. ئه‌م سوونته‌ته سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی بێ‌شه‌رمی‌وشه‌رمه‌زارییه بۆ خۆی هاوکات بێ‌حورمه‌تی‌یه به‌خه‌ڵکی کوردستان‌وپێیان وایه خه‌ڵکی کوردستان نه‌فامن‌وئاگایان له مه‌حموی بێ‌زه‌وا نی‌یه! ئاخر خه‌ڵك له ته‌له‌فزیۆنه‌کانی ابو زه‌بی‌والجزیره‌وه هه‌موو خۆپیشاندانه‌کانیان بینیوه‌وخه‌ڵك به‌ملیۆن له‌به‌ریتانیا وئیسپانیا وته‌نانه‌ت ئه‌مریکا خۆپیشاندان ده‌که‌ن ئیتر فه‌ره‌نسا وئه‌ڵمانیای چی؟!. . . .

مه‌لا به‌ختیار بۆ سه‌لماندنی ئه‌م بیرۆکه پوچه‌ی که ". . . ئاراسته‌ی سیاسی . هێشتا له‌ئه‌وروپای ئازادیش دابڕاو نی‌یه له‌به‌رژه‌وه‌ندی‌یه ئابوری‌یه‌کانی حکومه‌ت‌وکۆمپانیاکان" ئه‌و پرسیاره ده‌کات که " بۆچی له‌سه‌ر داگیرکردنی کوه‌یت‌وهێرشی داگیرکردنی عێراق زۆر که‌متر له‌و خه‌ڵکه خۆپیشاندانیان له‌دژی جه‌نگ کرد، ئه‌و کات ده‌بووایه دژی ئه‌مریکا وفه‌ره‌نسا وبه‌ریتانیا تێکرا خه‌ڵك بووروژانایه. . . به‌ڵام وا نه‌بوو. . ".

هه‌رخۆی دان به‌وه‌دا ده‌نێت که له‌ساڵی ۱۹۹۱ دا نارِه‌زایه‌تی‌وخۆپیشاندانه‌کان دژی جه‌نگی ئه‌مریکا ده‌ستی پێ‌کرد به‌ڵام به‌و ئاسته‌ی ئێستا نه‌بوو. ئیتر بێ مانایه له‌په‌ره‌سه‌ندنی ئه‌م خۆپیشاندان‌ونارِه‌زایه‌تی‌یانه بیرۆکه‌ی پوچ دابتاشیت‌وڕووی خۆتانی پێ سپی بکه‌یت. ئه‌و کاته‌ش که ئێوه جامانه‌کانتان به لووله‌ی تۆپه‌کانی ئه‌مریکاوه گرێ‌دا کوشتاری خه‌ڵکی عێراقی پێ بکات‌وئه‌و کۆمه‌ڵگایه نابووت بکات خه‌ڵکی ڕادیکاڵ‌وئازادیخوازی دنیا ڕژانه سه‌رشه‌قامه‌کان، به‌ڵام به‌و ئاسته‌ی ئێستا نه‌بوو چونکه ئه‌و کات هه‌ژموونی سیاسی ئه‌مریکا له‌ژێرناوی ڕزگارکردنی کوه‌یت دا به‌ئاستێك زیاتر بوو که‌له‌گه‌ڵ ئێستادا به‌راورد ناکرێت ته‌نانه‌ت نه‌ك هه‌موو حکومه‌ته‌کانی ئه‌وروپا به‌ڵکو ووڵاته عه‌ره‌بی‌یه‌کانیش چوونه سه‌نگه‌ری ئه‌مریکاوه. هه‌روه‌ها له ماوه‌ی ئه‌م ۱۲ ساڵه‌دا به‌رده‌وام هه‌ژموونی سیاسی ئه‌مریکا ڕووله‌خواره‌وسیاسه‌تی نائینسانی گه‌مارۆی ئابووری ئه‌مریکا له‌سه‌ر خه‌ڵکی عێراق له‌سه‌رئاستی جیهانی ڕسوا بووه‌وکۆمه‌ڵگای به‌شه‌ری هه‌راسان کردووه. هاوکات درزوقڵشتی نێوان ئه‌مریکا وهاوپه‌یمانه‌کانی هه‌تا دێت گه‌وره‌تر ده‌بێت‌وته‌نانه‌ت ئه‌مریکا توانای کۆنترۆڵی ئه‌نجومه‌نی ئاسایشی نه‌ماوه، زیاتر له‌هه‌موو کاتێکی تر ملهوڕی‌وشه‌ڕه‌نگێزی ئه‌مریکا له‌سه‌راسه‌ری دنیادا ڕۆشن بۆته‌وه که ده‌یه‌وێت له ڕێگای جه‌نگی خوێناوی‌وبه‌ربه‌ریه‌ته‌وه نه‌زمی نوێ‌ی خۆی دابمه‌زرێنێ‌وبسه‌پێنێ وه کۆمه‌ڵگای به‌شه‌ری به‌گشتی له‌به‌رده‌م هه‌ڕه‌شه‌یه‌کی مه‌ترسیداردا ڕاگرتووه. مه‌یلی ئازادیخوازی‌وئینسان دۆستی له جیهاندا به ئاستێکی ئێجگار فراوان‌وبه‌هێزه‌وخه‌ڵك ئاماده نی‌یه مل به‌م ملهوڕی‌یه‌ی ئه‌مریکا بدات. سه‌ره‌ڕای ئه‌مانه‌ش له‌مه‌یداندابوونی هه‌ردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق وئێران له دنیاداوڕاوه‌ستان له‌په‌ناده‌ست‌وبگره‌له‌پێشه‌وه‌ی ئه‌و جووڵانه‌وانه‌دا، هه‌موو ئه‌مانه هۆکاری ئه‌سڵی هاتنه‌مه‌یدانی بزووتنه‌وه‌ی به‌رفراوانی جیهانی‌یه له‌دژی به‌ربه‌ریه‌تی ئه‌مریکا.

**ڕاستکردنه‌وه‌یه‌کی مێژوویی:**

هه‌رچه‌نده مه‌لا به‌ختیار ناچاربووه دان به‌وه‌دا بنێ که ئه‌مریکا بۆ به‌رژه‌وه‌ندیه سیاسی‌وئابووریه‌کانی خۆی هه‌موو توانایه‌کی خسته کاروهێرش‌وپه‌لاماری ووڵاتان ". . . به‌رژه‌وه‌ندی. . بازاڕوکۆنترۆڵی ده‌ره‌وه. . چه‌مکی

سیاسی وئابووری. . ئەمریکا بەرنامەی هەیە بۆ ستراتیژیەکی خۆی، پاکستان وبەنگلادیش وهیندستان کۆنترۆڵ بکات، بڕیاری داوە تەواوی توانای خۆی بخاتە مەیدانەکانی ستراتیژێکی نوێی هەمەلایەنە، ئیتر کەمترین بازاڕوکەمترین بەرژەوەندی بۆ فەرەنسا وئەڵمانیا دەمێنێتەوە. . لێرەوە گرفت وناکۆکیەکانی ئەمریکا وئەورووپای ڕۆژئاوا وڕۆژهەڵات وهەرێمی تری جیهانیش کەوتنە ژێر فشاری سیاسی وعەمەلی ئاشکرا". هاوکات بۆ پاساودانی پشتیوانی کردنی ئەم بەربەریەتەی ئەمریکا سەرزەنشتی حکومەتەکانی ڕۆژئاوا دەکات کە ". . لەسەردەمی جەنگی سارد دا حکومەتەکانی ڕۆژئاوا پشتیوانی ڕژێمی عێراقیان دەکرد، کورد قڕان دەکرا، چاوەڕوان بووین ئازادیخوازان وڕای گشتی پشتیوانیمان لێ بکات لەدژی جینۆساید. . . "

پێش هەموو شتێك ئەگەر مەلا بەختیار دەرسێکی لە تەجروبەی وەربگرتایەووەکو کەسێکی مەسئول بەرامبەر سەلامەتی وژیان وچارەنووسی خەڵکی کوردستان قسەی بکردایە دەبوا ئەم ڕیوایەتی تراژیدیایەی کوردستانی ئاوها باس بکردایە ( کە ئەو کاتەی ئێمە لەجەنگی ئێران عێراق دا سوپای پاسدارانمان هێنایە کوردستانەوەوکردمان بە مەیدانێکی ئەو جەنگەودەستی ڕژێمی فاشستی بەعسمان ئاوەڵا کردوشاری هەڵەبجەوبەشی زۆری ناوچەکانی کوردستانمان بەدەستی ڕژێم بەقران داوئەو چەکەکۆکوژانەی ئەمریکا وفەرەنس دابوویان بە عێراق لە دژی ئێران بەکاری بهێنن لەبەرەکانی جەنگدا لەکوردستانیش دا بەکاری هێنا ولەوکاتەدا لەئاستی ئەم تراژیدیایەدا کەبەسەر خەڵکی کوردستان هات حکومەتەکانی ئەمریکا و ئەورووپا چاویان نوقاند) . هەر ئەو زەمانە دوای سێ ساڵ بەسەر ئەو تراژیدیایەدا خەڵکی عێراق وکوردستان ڕاپەڕین، ڕژێمی بەعس لەگیانەلادا بوو باوکی ئەم بووشەی ئێستای ئەمریکا دوای بۆمباباران وقەتڵ وعامی خەڵکی عێراق بە چەکی کۆکوژونابووت و کاول کردنی عێراق، ڕژێمی بەعسی بەردایە گیانی خەڵکی ڕاپەڕیوی عێراق وکوردستان. لەوکاتەدا ڕابەرە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان بە ١٨٠ پلە بایان دایەوەوبۆ ماچ کردنی لاملی صدام خۆیان گەیاندە بەغدا، وەکو ئەوەی نەبایان دیبێ نە بۆران. هەربۆیە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان نەك هەر بۆیان نیە باس لە کورد قڕان وجینۆسایدی خەڵکی کوردستان بکەن بەڵکو بەشێك لە مەسئولیەتی ئەو تراژیدیایە لە ئەستۆی ئەواندایە. چ جای ئەوەی بەم مەئسات وتراژیدیایەوە بازرگانی تۆماربکەن وتەپڵ بۆ بەربەریەتی ئەمریکا وجەنگێکی گەورەی خوێناوی وتراژیدیایەکی گەورەی ئینسانی وهەڵەبجەیەکی گەورەتر لە عێراق وکوردستان دا لێ بدەن.

**کام کێشە وکام پشتیوانی؟!**

مەلا بەختیار دەڵێت: " ئێستا ئەمریکا وبەریتانیا و. . پشتیوانی کێشەکەمان دەکەن ودەشیانەوێ ڕژێمی صدام بروخێنن. . " ڕای گشتی ڕۆژئاوا بەپێشڕەوایەتی چەپی سەردەم دژی ئەم حکومەتانەن کە پشتیوانیمان لێ دەکەن. . " دەبێ ئەو کێشەیە چی بێت وا ئێستا ئەمریکا وبەریتانیا و. . پشتیوانی لێ دەکەن. ئەو کاتەش کەپێش لەشکری ئیسلام کەوتن ووتیان جمهوری ئیسلامی دۆستی کوردەوپشتیوانیمان دەکەن. ئەمڕۆ زیاتر لەهەموو کاتێکی تر دوای ١٢ ساڵ لە حاکمیەتی یەکێتی وپارتی بۆ خەڵکی کوردستان ڕۆشن بۆتەوە کە کێشەی ئەم حزبە بۆرژوازیانەی کوردستان چیەوبەدوای چ ئامانج وبەرژەوەندیەکەوەن کە تا سەر مۆخ ناکۆك وبێبەریە لە خواست وئارەزووە ئینسانیەکانی خەڵکی کوردستان بۆ ژیانێکی باشتروئازاد. بەڵام ئەوان دەیان ساڵە بەوە پاشقول لە خەڵکی کوردستان دەگرن وچاڵیان بۆ هەڵدەکەنن کە کێشەکانی سەرمایەداران وبۆرژوازی کورد بەکێشەی خەڵکی کوردستان بقەبڵێنن.

ئەمەش بەهەرحاڵ ئەگەر ئەمریکا پشتیوانی لە کێشەکەی ئەوانیش بکات بەوەی لە ئێستاوداهاتوودا هەندێ دەستکەوتی پول ودەسکەوتی سیاسیتان لە عێراقی ئایندەدا پێ بدات ( کە لاشتان ڕۆشن نیە) ، بەڵام ئەمریکا بە قیمەتی ئەوەی ڕێگای بەربەریەت وجەنگێکی خوێناوی لە عێراق وکوردستاندا بۆ خۆش بکەن ئەمڕۆ دەست بەسەرتاندا دەهێنێت ودوای قەتڵ وعام و کاولکردنی ئەم کۆمەڵگایەش هەروەکو ١٩٩١ دەتان خاتە ژێر مەرحەمەتی دیکتاتۆرێکی تری گوێ لە مستی خۆی وکڵاو دەنێتە سەرتان. ئێوە بۆ کێشەکەی خۆتان نەك ژیان وچارەنووسی خەڵکی کوردستان و کۆمەڵگای بەشەریتان بۆ گرنگ نیە، هەر لەگەڵ یەکەم تەقینەوەی ئەم جەنگەدا چەند ملیۆن ئینسانتان ناچاری

ئاوارەبوون کردوئاوڕێکیشتان لیٚ نەدانەوەوتا ئێستاش خەڵکی کوردستان لە ترس‌ودڵەڕاوکێی هێرشی کیمیاوی ڕژێمی بەعس‌وهاتنە ناوەوەی لەشکری تورکیاوڕوووداووکارەساتەکانی تری جەنگ‌ودوای جەنگ دا دەژین. ئەمە پشتیوانی ئەمریکایە لە کیشەکەتان؟!

**ناسیۆنالیستەکانی کوردستان لە سەنگەری بەربەریەتدا:**

بەپێی خواست‌ودوعای مەلا بەختیاروسەرکردەکانی ناسیۆنالیستی کورد جەنگ دەستی پیٚکرد. بەداخەوە توانای نارەزایەتی‌وخۆپیشاندانەکانی جیهان بەو ئاستە نەبوو کە بەر بەم جەنگەی ئەمریکا بگرێت. لەیەکەم ڕۆژی ئەم جەنگەوە لەکوردستان چەند ملیۆن ئینسان لە ئاوارەیی‌ونائەمنی‌ودڵەڕاوکێدا دەژین‌ولەعێراقیش زیاتر لە ٢٥ ملیۆن ئینسان شەووڕۆژ لەژێر ڕەحمەتی بۆمباوموشەکی زیرەکانەوهێرشی زەمینی سوپای ئەمریکادان. سەدان کوژراووبریندارن، ئاسمانی عێراق بۆنی دوکەڵ‌وبارووتی گرتووەوژیانی ئاسایی‌وڕۆتینی خەڵك ڕاوەستاوەولەژێر زەمین‌وحەشارگاکاندا گوزەر دەکەن. ئەمە لە پێناوی چی‌وناوی دەنێیت چی؟ دەوڵەتێك بەقەولی مەلا بەختیار بۆ بازاڕوکۆنترۆڵی دەرەوەوبەرژەوەندی سیاسی‌وئابوری کۆمەڵگایەکی بیست‌وشەش ملیۆنی بەخەرجی خۆیان قەتڵ‌وعام‌ونابووت بکا جگە لە بەربەریەت چ مانایەکی تری هەیە؟

ئەمڕۆ کۆمەڵگای بەشەری لەبەردەم مەترسی جەنگی خوێناوی نەزمی نوێی جیهاندایە، ئەمریکا بەربەریەتی خۆی دەست داوەتیٚ. هەر ڕۆژەی لەسوچێکی ئەم دنیایە شەڕێك بە تازەترین چەکی کۆکوژی سەردەم هەڵدەگیرسێنیٚ‌ودوای عێراق چەند وولات‌وشەڕی تری لەبەردەم دایە، ئەمڕۆ ژیان‌وسەلامەتی سەرجەم کۆمەڵگای بەشەری لەبەردەم مەترسیدایە. ئەم بەربەریەتە ئەبێت بەری پیٚ بگیرێت‌وڕاوەستێت.

ئەوەش کە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان لەپێناو کێشەوبەرژەوەندی نائینسانی خۆیاندا جارێکی تر قومار بە ژیان‌وچارەنووسی خەڵکی کوردستانەوە دەکەن‌ودەیدەن بەدەم وەیشومەی جەنگی ئەمریکاوە نەك شایانی ئەوە نیٚیە سبەینیٚ داوای لێبوردن لە خەڵکی کوردستان بکەن‌وبڵێن هاوپەیمانەکانمان لە ئەمریکاوتورکیا خیانەتیان لیٚ کردین بەڵکو دەبێت وەکو تاوانبارانی هاوکاری کردنی ئەم بەربەریەت‌ووەحشی گەریٚیە لەدادگای خەڵکدا لیٚیان بپرسرێتەوەودادگایی بکرێن.

٢٠٠٣/٠٣/٢٤

*تێبینی کوردستان نێت:*

*ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣*

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت